# شێواز لە شیعری کوردیدا
# بە نموونەی شیعری نالی و گۆران

**پ. ی. د. عبدالسلام سالار**

**پێشەکی:**
ئەم باسە لێکۆڵینەوەیەکی شیکارییە لەهەندێ شیعری نالی و گۆران دەکۆڵێتەوە بەمەبەستی گەیشتن بەو ڕەگەزانەی لە شیعرەکانیاندا هەن و بوون بەهۆی ئەوەی ئەو شیعرانە وزەی دەربڕینیان لە ئاستێکی باڵادا بێت و شێواز لە شیعری کوردیدا بگەیەننە ئەو ئاستە بەرزەی.
باسەکە لە دوو بەشدا بەئەنجام گەیەنراوە، لەبەشی یەکەمدا لێکۆڵینەوە لەچەمکی شێواز کراوە و ڕای جیاوازی نووسەران لەم بارەیەوە خراونەتەڕوو. لەبەشی دووەمدا و بەشێوەیەکی پراکتیکی هەندێ لە وێنە بەرزەکانی هەردوو شاعیرمان پشکنیوە بە مەبەستی گەیشتن بەو ڕەگەزانەی ئەم وزە بێهاوتایەی دەربڕینەی لەسەر بنیاتنراوە دوایش ئەنجامەکانی ئەم باسەمان خستووەتەڕوو و بەخستنەڕووی سەرچاوەکان و پوختەی باسەکە بە هەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی کۆتایمان بە باسەکە هێناوە، ژمارەی لاپەڕەی نموونە شیعرییەکانی هەردوو دیوانەکەی نالیو گۆران لەسەر دێڕە شیعرەکان نووسراونەتەوە.

## بەشی یەکەم
## چەمکی شێوازو ڕای جیاواز لەبارەیەوە

زمان سیستمێکی دەنگییە، کاتێ مرۆڤ دەیخاتە بواری پراکتیکەوە دەبێت بە قسە (الكلام)، ئەمەش بەمەبەستی دەربڕین و گەیاندنە (التعبير والاعلام)و هەموو قسەکەرانی ئەو زمانە لەم پرۆسەیەدا هاوبەشن چونکە بەکارهێنانی سیستمی زمانە لە بارێکی ئاساییداو هەموو کەسێکیش ئازادییەکی لەم دەربڕینەدا لەچوارچێوەی زمانەکەیدا هەیە، ئەم ئازادییە لە بەکارهێنانی زماندا شێوازی پێ دەوترێت.

مرۆڤی کۆن (جیاوازیی لەنێوان شێوازی سادەو ناوەندو بەرزدا کردووە، ڤێرجیل ئاماژەی بەم ئاستانە کردووە و شێوازی جووتیارێك کە زەوی دەکێڵێ لەئاستی یەکەمدا داناوە و شێوازی سەرکردەیەکی سەربازی لە ئاستی بەرزدا داناوە)[1] هەروەها بالی و پێشتریش دانتی ڕایان وابووە کە[2] ( وشە ئەوە لەخۆدەگرێت کە ڕەنگدانەوەی ئەو شتە بێت کە بۆی دانراوەو ئاماژەی بۆ

دەکات)، لێرەدا مەبەستی بالی و دانتی ئەوەیە کە هەندێ وشە سەربە توێژی منالآنە و هەندێکیشیان سەربە ژنانە و هەندێکی تریشیان سەربە پیاوانە. والاك و فاران ئەوە ڕادەگەیەنن کە (پێوەندییەکی ئۆرگانی لەنێوان دیاردە ئەدەبیەکان و لێکۆڵینەوە زمانییەکاندا هەیە لەسەر بنەمای ئەوەی کە زمان بڕەرێکی هاوبەشی دوو بازنەی لەناو یەکە چونکە زمان بۆ لێکۆڵینەوە زمانیەکان بابەتە و بۆ ئەدەبیش کەرەسەیەکی خاوە)[٣] . وەکو چۆن بەرد کەرەسەی خاوی دیوارە ، (بالی)یش ڕای وایە کە زمان کۆمەڵێ بارگە (شحنە)ەی لێکداپڕاوە و شێوازیش لێکدانی ئەو بارگانەیە بەشێوەیەك کە کار لەیەك بکەن.

ڕەنگە هەریەك لەئێمە بەبیستنی شیعرێك بیری بۆ دانەرەکەی بچێت بێ ئەوەی لەپێشدا بیستبێتی، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەو کەسە ئاشنای شیعرەکانی تری شاعیربووە و گەیشتووە بەو ڕەگەزانەی کە لەشیعری شاعیرانی ترجیای بکاتەوە، ئەو ڕەگەزانەش کە گەیاندوێتی بەو ئەنجامە شێوازی شیعری شاعیر پێکدێنن، شێوازیش خۆی بەواتا گشتییەکەی بوارێکی فراوانتر دەگرێتەوە، هەموو چالاکییەکی مرۆڤ شێوازی تایبەتی خۆی هەیە کە جیاوازە لەگەڵ شێوازی چالاکی مرۆڤی تردا، هەروەکو چۆن (پەنجەمۆری کەسێك لە هی کەسێکی تر ناچێت و ئەو پەنجەمۆرەش بەهیچ شێوەیەك ناچێتەوە)[٤] شێوازیش بەو شێوەیەیە، وەکو شێوازی دووان و ڕۆیشتن...هتد.

ئەدەبیش کە چالاکییەکی مرۆڤی بەهرەدارە، گەر شیعر بێت یان پەخشان شێوازی تایبەتی خۆی هەیە کە جیاوازە لەویتر، شاعیران و نووسەرانیش کە خوڵقێنەری ئەو بەرهەمانەن هەریەکە خاوەنی شێوازی تایبەتی خۆیتی ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ کە دیوارێك لەم بارەیەوە لەنێوان ئەدیبو کەسێکی ئاساییدا دروست بکەین، ڕەنگە کەسێکی ئاسایش لەدەربڕینەکانیدا رەگەزی ئەدەبی تێدا بەدیبکرێت بەڵام بەو ڕادەیە نەبێت کە بیخاتە خانەی دەربڕینی ئەدەبییەوە.

شێواز هەروەکو (بیرجیرۆ) دەڵێت (دەربڕینی بیرە بەهۆی زمانەوە)[٥] . هەروەها والاك و ڤاران ئەوە ڕادەگەیەنن کە هەرکاتێ لێکۆڵینەوە زمانیەکان خۆیان خستە خزمەت ئەدەبەوە دەبێتە شێواز لەم کاتەدا زمانە نابێتە کەنالی بۆ پەڕینەوەی دەلالەتەکان بەڵکو بۆخۆی مەبەستێکە (غاية)و ئەوەی کە (دواندنی ئەدەبی (الخطاب الأدبي) لەوانیتر جیادەکاتەوە ئەوەیە کە ئەم لەئەرکە واتایی و مەرجەعییەتەکە دائەبڕێ و خۆیمان پێ ڕادەگەیەنێ و شتێکی ترمان لەدەرەوەی خۆی پێ ڕاناگەیەنێ)[٦].

وشەی شێواز وەکو زاراوە لەکۆنەوە بەکارهێنراوە و لە وشەی (Stylus)ی گریکییەوە وەرگیراوە کە بەواتای (ئامێرێك بووە یان تیغێکی میتاڵی یان دارێك یا پارچە عاجێ کە وەك شێوەی قەڵەم دروست دەکرا و لەسەر پارچە مۆمێکی پانکراوە پێیان دەنووسی)[٧] هەر لای یۆنانیەکان ئەم چەمکە زیاتر (پێوەندی بە زانستی ڕەوانبێژییەوە بووە وەکو (بەشێك لە هونەری قایلپێکردن)[٨] زانراوە و ڕەوانبێژیش زیاتر لەشێوەی ئامۆژگاری و ڕێنماییکردن بووە بۆ بەئەنجامگەیاندنی بەرهەمی ناوازەو کاریگەر تا نووسەرێکی وەکو لۆنجینۆس (کە زیاتر بایەخی بەسەرچاوە ڕەوشتیو گیانییەکان داوە پەنای بۆ وێنەی بەلاغی دەبرد بۆ بەدیهێنانی

مەبەستەکانی)[٩]. هەر ڕەوانبێژیی کۆنیش جیاوازی لەنێوان بابەتەکانی هونەری دوواندندا کردووەو بۆ هەر بابەتێك جۆرە شێوازێکی بۆ دەستنیشانکردووە.

ئەوەی ڕەوانبێژی لەشێواز جیادەکاتەوە ئەوەیە کە ڕەوانبێژیی بریتییە لەکۆمەڵێ ڕێنمایی کە خۆی لە تیوێرەکانی ڕەوانبێژیی (ڕوونبێژیی، جوانکاریی، واتاناسی) دا دەبینێتەوە و شاعیر پەیڕەویان دەکات بەمەبەستی خوڵقاندنی بەرهەمێکی کاریگەر بەڵام شێواز لەدوای خوڵقاندنی ئەو بەرهەمە ئەدەبییەوە دەستپێدەکات و لەسیفەت و تایبەتمەندییەکانی ئەو بەرهەمەوە شێواز دەستنیشاندەکرێت، بەڵام ئەرکی شێوازی ئەدەبی تەنیا لەمەدا خۆی نابینێتەوە بەڵکو بەدوای ئەو ڕەگەزانەدا دەگەڕێ کە کاریگەریی لەدەروونی خوێنەردا دروست دەکەن، بزوێنەری بیری بەلاغی کۆن بەوشێوەیەیە کە چیبوون (ماهیەتی) شتەکان پێش بوونی شتەکان دەکەون، بەڵام لەبیری شێوازیدا چیبوون (ماهیەتی) شتەکان لەبوونی خودی شتەکانەوە دەستنیشاندەکرێت.

شێواز (وەکو زانست بنەماکانی لەسەر دەستی شارلس بالی لەساڵی ١٩٠٢ دا دارێژرا)[١٠] دوایش سپیتزەری ئەڵمانی ڕێبازێکی دامەزراند، بەڵام زیاتر وەکو تەوژمێکی (انطباعي) دەرکەوت چونکە هەموو یاسا پراکتیکی و تیوێرییەکی کەسیی بوو، تودۆرۆف ساڵی ١٩٦٥ (اعمال الشكليين الروس)ی دەرکرد بەمەش زمانەوان و ڕەخنەگرانی ئەدەب لەلێکۆڵینەوەکانیاندا لەسەر شێواز دەوڵەمەندکرد و هەروەها دەبێ هەوڵی (والاك) و (فاران) یش لەبیرنەکرێت کە (بۆ بەرهەڵستکردنی ڕێبازی زانستە مرۆڤایەتییەکان داوییانە و ئەوەیان ڕاگەیاندووە کە دەبێ لە لێکۆڵینەوە ئەدەبییەکاندا ڕێبازێکی جۆریی هاوشێوەی ڕێبازە زانستییە سرووشتیەکان بەکاربهێنێت کە عەقڵانییەتی لەو کەمترنەبێت)[١١].

تۆدۆرۆف لە کتێبی (ئەدەب و دەلالەت) دا یاساو بنەماکانی داڕشتنی بەرجەستەکردو ئەوەی ڕاگەیاند کە (دارشتن بۆ پشکنینی بنەما کەسییەکانی خۆی بێ ئەدەب پێی ناکرێ و هەروەها دەبێ کاری ئەدەبی تێپەڕ بکات بۆ خۆی بەخۆی بدۆزێتەوە)[١٢].

(ریچاردز) یش (لەبیستەکانی سەدەی بیستەمدا لەکتێبی (ڕەخنەی پراکتیکی) دا لێکۆڵینەوەیەکی لەبارەی ڕاڤەی دەقەوە بەئەنجام گەیاندو خستییە خانەی شێوازەوە و ئەوەی ڕاگەیاند کە (بیرۆکەی توانینی بەدەستهێنانی تایبەتییەکانی کارێکی تەواو لەرێگای تایبەتییەکانی بەشێکی بچووکی پێشچاوخراوی ئەوکارەوە)[١٣].

ئەم پێناسەیەی ریچاردز بۆ چەمکی شێواز ئەو دەربڕینانەش دەگرێتەوە کە بارگاوی نەکراون بە وزەی کاریگەر لە دڵ و دەروونی خوێنەر، چونکە هیچ ئاماژەیەکی بە واتای سەربار نەکردووە و تەنیا خستنەڕووی تایبەتییەکانی ئەو دەربڕینەیە و جیاوازی دەکات لە دەربڕینی کەسانی تر، شێواز لای (بوفون) یش (خودی مرۆڤەکەیە)[١٤] و بەهیچ شێوەیەك ناتوانرێت لەمرۆڤەکە دابماڵرێت ئەم پێناسەیەی (بوفون) بۆ شێواز زۆر فراوانترە لەوەی کە تەنیا شێوازی مرۆڤ بێت لەنووسیندا بەڵکو دەشێ هەموو هەڵسوکەوتێکی بگرێتەوە، (فلۆبیر) یش لەم بارەیەوە دەڵێ (شێواز ڕێگایەکی ڕەهایە بۆ بینینی شتەکان)[١٥] ئەو ڕێگایەش بەو دەربڕینانە بەرجەستە بووە کە لەبارەی

شتەکانەوە دەربڕراون، لێرەشدا دیسان فلۆبیر بەگشتی باسی شێوازی کردووە چونکە ئەو ڕێگا ڕەهایە ڕەنگە بەدەربڕینێکی ئاسایی بارنەکراو بەواتای سەربار گەیەنرابێت، چونکە ئەگەر ویسترا بیرێك بە ڕوونی بگەیەنرێت دەبێت بەدەربڕینی بارنەکراو بگەیەنرێت.

(شۆبنهاوەر) یش لەناساندنی چەمکی شێوازدا نزیکە لە (فلۆبیر)ەوەو شێواز بەوە دەبینێ کە (شێوە (ملامح)ی بیرە)[١٦] واتا کاتێ مرۆڤ ئەوە دەردەبڕێ کە لەبیریدایە، پۆشاکی زمانی بە بەردا دەکات و شێوە (ملامح) ی پێدەدا کە جیاوازە لەگەڵ دەربڕینی کەسێکی تر کە هەمان بیر دەردەبڕێ بەڵام (ستندال) جیاواز لەگەڵ ئەوانەی پێشوودا مەسەلەی کاریگەریی ئەو دەربڕینە دێنێتە ئاراوە کە لەسەر خوێنەر دروستی دەکات و پێی وایە کە شێواز ( ئەو بارودۆخە گونجاوەیە کە دەخرێتە سەر بیر بۆ ئەوەی کاریگەریی خۆی لەسەر خوێنەر دروست بکات) [١٧]، لێرەدا بۆ بەرجەستەکردنی شێواز دەبێ بگەڕێین بەدوای ئەو بارودۆخە گونجاوەدا کە نووسەر لەدەربڕینەکەیدا خوڵقاندویێتی و لەدەربڕینی ئاسایی تێیپەڕاندووە. ئەمەش بە دروستکردنی وێنەی دڵڕفین و داڕشتنی دەربڕینی ناباو بەئەنجام دەگات.

(ڕیڤاتیر) یش زیاتر بۆ ناخی بابەتەکە دەچێت و شێواز بەدروستکردنی کاریگەریی دەزانی لەسەر خوێنەر (بەڕێگای بەکارهێنانی هەندێ ڕەگەزی کاریگەریی وتن کە وادەکات خوێنەر بە بەردەوامی ئاگای لە نووسینەکانی بێ)[١٨]. دوایش ئەوە ڕادەگەیەنێ کە قسە دەربڕە و شێوازیش دەرخستنە (الکلام یعبر والاسلوب یبرز) واتا دەربڕینێکی ئاسایی کە شتێك بگەیەنێ بەڵام ئەو ڕەگەزانەی لەخۆنەگرتووە کە کاریگەریی لەسەر خوێنەر بێت بەڵام شێواز ڕەگەزەکانی کاریگەریی لێبار دەکرێت ، وردی ئەم پێناسەیەی (ڕیڤاتیر) لەوەدایە کە شێواز بەو کاریگەرییە دەپێورێ کە دەربڕینەکە لەسەر خوێنەر دروستی دەکات، ئەم ڕایەی (ڕیڤاتیر) تێڕوانینێکی وردتری لەبارەی شێوازەوە خستووەتە ئاراوە و شێواز هەر بەوە نەمایەوە کە تەنیا شێوە و فۆرمی دەربڕینەکە بێت، بەڵکو دەبێت ئەو ڕەگەزانەی لەخۆگرتبێت کە کاریگەریی لەسەر خوێنەر بێت بۆ ئەوەی دەربڕینەکە بچێتە دۆخی دەرخستنەوە.

لە ڕەخنەی ئەدەبی کوردیشدا باس لە شێواز کراوە، لەوانە شێخ نوری شێخ صاڵحی شاعیر کە بەم شێوەیە باسی دەکات (ئوسلووب بە ئەو تەرزی مەخسووسی بەیانییە دەڵێین کە هەر خەتیبێك یان موحەررێك ئەوەی لە دەماغیایەتی ئیفادەی دەکات، هەموو خەتیبێك مالکی تەرزێکی مەخسووسی بەیانە)[١٩].

ئەم وتەیەی شێخ نوری لەبارەی شێوازەوە ئاست بەرزی نووسەر لەم بارەیەوە دەردەخات و باسی لەشێواز بەشێوەیەکی گشتی کردووە و ئاماژەی بە وزەی بارکراو و ڕەگەزی کاریگەری نەکردووە لەسەر خوێنەر، بەڵکو فۆرمی دەربڕینەکەی بەشێوەیەکی گشتی بەرجەستەکردووە و زیاتر بەلای ئەوەدا چووە کە وەك ئامرازی قایلکردن لێی گەیشتووە بەوەی کە زاراوەی خەتیبی بەکارهێناوە کە پێوەندییەکی ڕاستەوخۆی لەگەڵ گوێگردا هەیە و (محرر) یش لەوانەیە نووسەری وتارێکی ڕامیاریی بێت، دەبێ ئەوەش لەبەرچاوبگیرێ کە لەسەردەمی نووسینی ئەم وتارەی شێخ نوری، شاعیرانیش (محرر) بوونە،واتە شاعیران لە دەرکردنی ڕۆژنامەدا نووسەربوون و کاریان کردووە.

ئەم پێناسەیەی شێخ نوری لەگەڵ ئەوانی پێشووتردا لەوەدا یەکدەگرنەوە کە شێواز فۆرم و شێوەی بیرە چونکە شێخ نوری دەڵێ (أوەی لە دماغیایەتی أفادەی أکات) [٢٠] مەبەستی لەمە ئەوەیە کە بەدەربڕین بەرجەستەی دەکات و دەیخاتە ڕوو و دیسان لەو خاڵەشدا یەکدەگرنەوە کاتێ نووسەر دەڵێ (مالکی طرزێکی مەخصوصی بەیانە) [٢١] واتا ئەو تەرزە مەخسوسەی کە سیفەتی دەربڕینی کەسێکە لەهی کەسێکی تر ناچێت بەڵام کە ناوی (خەتیب) و (محرر) دەهێنێت هەندێك بەرەو دواوە دەمانباتەوە بەوەی کە ئەرکی قایلپێکردن بێت چونکە خەتیب پێوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە گوێگرەوە هەیە و زیاتر لەکۆندا بۆ خەڵکی دواوە و وتەکانی بەو ڕەگەزانە بارکرابوون کە کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەدڵ و دەروونی گوێگردا هەبوو و نموونەی دیاری مێژوو (حجاج)ە کە والی عێراق بووەو چەندە خوێنڕێژ بووە بەڵام کاتێ بۆ خەڵکی دواوەو قسەی کردووە، وتەکانی هێندە کاریگەر بوون و خەڵکی دەهێنایە سەر ئەوەی بڵێن (حجاج) بێ تاوانە و هەموو خەڵکی عێراق تاوانبارن.

لەگەڵ ئەوەی ئەم پێناسانەی پێشوو چەمکی شێوازیان بەرجەستەو روون کردووەتەوە، پێویستە ئەو ڕایانەش بخرێنەڕوو کە جێگا بە شێواز لەقدەکەن. بلۆمفیلد دەڵێ (گریمانەیەکی باوەڕپێکراو لەلایەن زمانەوانییەکانەوە ئەوە ڕادەگەیەنێ کە دەربڕینەکان ئەگەر لەشێوەدا جیاوازبوون لەواتاشدا جیاواز دەبن)[٢٢]. بەپێی ئەم ڕایەی بلۆمفیلد شتێك نامێنێتەوە پێی بوترێت شێواز، چونکە بوار ناهێڵێتەوە بۆ ئەوەی واتایەك بە زیاتر لە ڕێگایەك (دارشتێك) بهێنرێتەوە و هەموو واتایەك بە فۆرمی تایبەتی خۆی دەگەیەنرێت و ناتوانرێت بە فۆرمێکی تر ئەو واتایە بگەیەنرێت، بەڵام ڕەوانبێژیی هەر لە کۆنەوە ئەوەی ڕاگەیاندووە کە دەکرێت واتایەك بەچەند ڕێگایەك بگەیەنرێت و ئەمەش لە بەلاغەدا بە بەیان (ڕوونبێژیی) ناسراوە.

بەڵام هۆکێت داکۆکی لەسەر بوونی شێواز دەکات و دەڵێ (ئەگەر دوو دەربڕین لە زمانێکدا یەك واتایان گەیاند بەڵام لە پێکهاتەی زمانییاندا جیاوازبوون، دەتوانرێت پێیان بوترێت جیاوازن لەشێوازدا)[٢٣] وەکو ئەوەی بڵێی (زووهات) (پێش وەخت هات) یان (ئەو پیاوە ئازایە) (ئەو پیاوە ئەڵێی شێرە)، لێرەدا فۆرمی جیاواز بۆ گەیاندنی واتایەك بەکارهێنراوە (زووهات) و (پێش وەخت هات) ڕەنگە جیاوازیی وردیان لەنێواندا هەبێ، بەڵام واتا گشتیەکەیان گەیاندووە کە زوو هاتنە. لە هەردوو دەربڕینەکەدا وشەی فەرهەنگی بەکارهێنراوە و هەست بەوە ناکرێت کە بە شتێك لە وزە بارگاوی کرابێت و هەردوو دەربڕینەکە (شفاف)ن و واتاکانیان روون و دیارە و هیچ ئاڵۆزیی و لادانێکیان (انزیاح) تێدا نییە، شێوازی ئەدەبییان بە بەردا نەکراوە لەبەر ئەمە پێیان دەوترێت (دەربڕینی بێ شێواز)[٢٤] ئەم دەربڕینانە (زوو هاتم، پێش وەخت هاتم) لەبەرئەوەی شێوازی ئەدەبییان بەبەردا نەکراوە ئەرکی مەرجەعییەتیان دانەبڕاوەو بەپێی ڕای سۆسێر ئەم دەربڕینانە گواستنەوەی چەمکەکەیەو (مدلول)یش چەمكو واتای ئەو دەربڕینانەیە بەڵام (الونسو) ئەم ڕایە بەدوور دەزانێ لە واقیعی سێ ڕەهەندی زمانەوە (الثلاثي الابعاد) و بەپێی رای (الونسو) ئەرکی (دال) تەنیا گەیاندنی چەمك نییە بەڵکو کۆمەڵێ ئەرکی تری هەیە، لەوانە بەبیرداهاتنەوە (تداعی

الافكار)، هەستکردنی هاوکات (الحس المتزامن) هەروەها (مدلول)یش تەنیا چەمك نییە، نموونەی بانگکردنی منداڵ لەلایەن دایکییەوە دەهێنێتەوە کە ئایا بەسۆزەوەیە یان تورەییە یان ترسێتی لەوەی ئۆتۆمبێلێ بیکا بەژێرەوە، چونکە لێرەدا (سیما ویژدانییەکەی دەربڕینەکە ڕۆڵی گرنگ دەبینێ)[٢٥] و گەیاندنی تەنیا واتایەکی ئاسایی نییە بەڵکو (دەربڕینی زمانە لە گۆشەی ناوەرۆکە ویژدانییەکەیەوەو بەرهەڵستی ناوەرۆکە عەقڵییەکە دەکات)[٢٦].

تۆدۆرۆف لەبارەی دەربڕینی ئاسایی و ئەدەبییەوە دەڵێ (قسەی ئاسایی وتەیەکە ئەودیوی دیارە (شفاف)ە[٢٧] بە مانای ئەوەی واتاکەی ڕوون و دیارەو هیچ بەربەستێك لەبەردەم بینینی واتاکەدا نییە بەڵام دەربڕینی ئەدەبی واتاکەی تێدا دەرناکەوێ.

(فونتانیای) ئەم دیاردەیە بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە کە (زمان بوار بۆ ئەوە دەدات مرۆڤ لە بەکارهێنانی دەربڕینە باوەکانی زمان دووربکەوێتەوەو دەربڕینی ناباو بەکاربهێنێ، بەمشێوەیە شڵەژانێك دەخرێتە سیستمی زمانەوە، هەر ئەم شڵەژانەش خۆی دەبێتە سیستمێکی نوێ)[٢٨] ئەم شڵەژانەی کە لە دروستکردنی شێوازدا دێتە ئاراوە کە هەندێکیان وێنەی هونەری بەرجەستەی دەکات و هەندێکیان دەربڕینی تری ناباو بەرجەستەی دەکات. لەراستیدا ئەم شڵەژانە لە سیستمی زماندا نییە بەڵکو لە لۆجیکدایە، جان کۆهین ئەم دیاردەیە بەوە لێکدەداتەوە کە لە دروستکردنی وێنەدا دوو چرکەسات دێنە ئاراوە کە یەکەمیان (چرکەساتی لێکدوورکەوتنەوەو چرکەساتی دووەم ڕەوینەوەی ئەو لێکدوورکەوتنەوەیەیە) (التنافر) [٢٩]، جان کۆهین مەبەستی لە چرکەساتی دوورکەوتنەوە ئەو شڵەژانەیە کە (فونتانیای) باسی لێوەدەکات هەروەها چرکەساتی ڕەوینەوەی ئەو لێکدوورکەوتنەوەیە کە ئەمەش (فۆنتانیای) بەوە لێکیدەداتەوە کە ئەو شڵەژانە لە سیستمێکی نوێدا خۆی ڕێکدەخاتەوە بۆ نموونە کە دەڵێین (گوڵەکە هات) لێرەدا شڵەژان و دوورکەوتنەوەکە لەوەدا ڕوویداوە لۆجیك ئەوە قبوڵ ناکات کە گوڵ توانای هاتنی ببێت بەڵام دوایی بە پەڕینەوە لە واتای یەکەمی گوڵ کە ڕووەکە بۆ واتای دووەم کە کەسێکە، لۆجیك دەگەڕێتەوە بۆ دەربڕینەکەو شڵەژانەکە نامێنێ.

بەشی دووەم

شێواز لە شیعری نالی و گۆراندا

دەربڕینەکانی مرۆڤ لە کۆمەڵدا بۆ گەیاندن و بەرجەستەکردنی مەبەستەکان لە یەك ئاستدا نین چونکە زمانی (ئاسایی)ش بە تێپەڕبوونی ماوەیەکی زۆرو بەکارهێنانی لەلایەن نەوە لەدوای نەوەوە سەدان درکەو دەربڕینی نائاسایی دەخزێنە سەرمایە (رصید)ی زمانەکەوەو ڕۆژانە بەکاردەهێنرێن، کە بێ شك ئەمە لە گەیاندنی واتادا ئاڵۆزییەك دروست دەکات بەتایبەت بۆئەوانەی تازە ئەو زمانە فێردەبن.

وزەو توانای دەربڕین لای مرۆڤ (دوولایەنە، لایەکیان ئاشکراو ڕاستەوخۆیەو توانای گەیاندنی لە واتای فەرهەنگی خودی وشەکانی ئەو سەرمایە زمانییەیە کە هەیەتی و ئەویتریان سروشی (ئیحائی)یەو توانا دەلالییەکانی لە ڕەوتی دەربڕینەکەدا بە چڕی جۆراوجۆر هەڵیدەگرن)[٣٠].

مرۆڤ بۆ گەیاندنی واتایەك وشە فەرهەنگییەکانی زمان بەکاردەهێنێ بۆئەوەی بەوردی بیگەیەنێ، بەڵام کاتێك شیعرێ دەڵێ دەربڕینەکەی بە وزەیەك باردەکات کە کاریگەریی لە دڵو دەروونی گوێگردا دروستبکات، واتا لێرەدا شاعیر ئاراستەی مەبەستەکەی لە گەیاندنی زانیارییەوە بۆ بەخشینی چێژو کارتێکردن گۆڕی، هەرچەندە لەگەڵیشیدا زانیاری دەگەیەنێ بێ ڕۆچوون بە وردەکارییەکانیدا، بەڵام مەبەستی شاعیر زیاتر چێژبەخشینو کاریگەرییە هەروەکو فلوبیر دەڵێ (تیرێك لەگەڵ دەربڕینەکەیدا ئاراستەی دڵی گوێگر دەکات) [31] کە دیارە ئەو وزانەی دەربڕینەکەی پێباردەکرێت فلۆبێر بە تیری ناودەبات چونکە ئەو وزانەش کاریگەریی زۆریان دەبێ لە دڵو دەروونی گوێگردا.

لە شیعری کوردیدا، شێواز بە ئاستی جیاواز لە شیعری شاعیراندا بەرجەستە بووە، بەڵام ئێمە شیعری دوو شاعیری لووتکەی ئەدەبی کوردیمان کردووە بە بابەتی باسەکەمان کە ئەوانیش نالی و گۆرانن.

نالی دەڵێ:

شیعری خەڵقی کەی دەگاتە شیعری من بۆ نازکی؟

کەی لە دیققەتدا پەتك دەعوا لەگەڵ هەودا دەکات ل١٠٧

لەم دێڕە شیعرەدا شاعیر دەیەوێ بڵێ (شیعری من لە شیعری شاعیرانی تر زۆر باشترە) بەڵام بەو دەربڕینە سانایە دەرینەبڕیوە، بەڵکو بە بارکراوی بە وزەیەکی کاریگەر لە دڵو دەروونی گوێگردا دەریبڕیوە. نالی ڕاستەوخۆ وشەی (باشتر)ی بەکارنەهێناوە بەڵکو بە ڕێگای بەراوردی نێوان دوو شتدا ئەو واتایەی بەشێوەیەکی کاریگەرتر گەیاندووە کە ئەویش بەراوردی نێوان پەتكو هەودایە.

شیعری خەڵق ⟵ شیعری نالی

پەتك ⟵ هەودا

ئەو مەودایەی لەنێوان پەتكو هەودادا لەڕووی بەهاوە هەیە زۆر زۆرە، بەم ڕێگایەشەوە مەودای نێوان شیعری خەڵقی و شیعری نالی بەرجەستە دەبێت، راناوی پرسی (کەی) بۆ واتای خۆی نەهاتووە، بەڵکو بۆ واتای خوازەیی بەکارهێنراوە کە لێرەدا بۆ نەفیکردن بەکارهێنراوە، و بە بەکارهێنانی هونەری چواندنی وێنە بەوێنە (نواندن)ی ناڕاستەوخۆ دیاردەکەی بەرجەستە کردووە.

بایەخو ئاستی شیعری نالی بەبەراورد لەگەڵ شیعری خەڵقی دا یەکسانە بەڕادەی بەهای هەودا لەگەڵ بەهای پەتکدا. شاعیر بەم شێوازە دەربڕینە ویستوێتی چێژێك بە گوێگر ببەخشێت لەگەڵ ئەوەشدا زانیارییەکی گەیاندووە.

لەبەرئەوەی هونەری چواندن لە چنینی وێنەکەدا بەکارهێنراوە هیچ لادانێك لە دەربڕینەکەدا ڕووینەداوەو هەست بە ئاڵۆزیی و نادیاریی (ثخن). بەشێوەیەکی چڕ ناکرێ، چونکە لە هونەری چواندندا وشەکان بۆ واتای خۆیان بەکاردەهێنرێن، وزەی دەربڕینەکە لێرەدا لەو بەراوردەدا دروست دەبێت کە لە نێوان هەوداو پەتكو شیعری نالی و شیعری خەڵقی دا دەکرێت. لێرەدا

دەتوانین بڵێین دەربڕینەکەی نالی بەم شێوەیەیە:

- دەربڕینی پێش شێواز= شیعری نالی لەشیعری شاعیرانی تر بەپێزترە کە لێرەدا واتا (شفاف)ە.

دەربڕینی شێوازدار= شیعری

خەڵقی کەی دەگاتە شیعری من بۆ نازکی
کەی لە دیققەتدا پەتك دەعوا لەگەڵ هەودا دەکا

کە لێرەدا دەربڕینەکە بە وزە بارکراوەو واتای (شفاف) نییە چونکە مەبەست لێی زیاتر چێژبەخشینە بە خوێنەر.

نالی دەڵێ:

بەحری غەزەلم پڕ لە دوورِو گەوهەرە ئەمما
غەوواصی دەوێ بە تەعمیقی بزانە ل٤٨٠

لەم دێڕەدا نالی هەنگاوێکی زیاتری بەرەو ئەوە ناوە کە شێوازی شیعری دیوەودەر (شفاف) نەبێ بەوەی کە هونەری چواندنی بەکارهێناوەو بە خواستن موتووربەی کردووەو بەشیکردنەوەی دێڕەکە مەبەستمان زیاتر ڕووندەبێتەوە.

غەزەل (شیعر) + واتای وردوجوان= بەحر+ دوڕوگەوهەر

نالی بەشێوازی چواندنی رەوان (بەحری غەزەلم)، غەزەلی بە بەحر چواندووە بەڵام لەلاکەی تری هاوکێشەکەدا دوڕوگەوهەری خواستووە بۆ واتای وردو جوانی شیعرەکانی، چونکە لەدێڕەکەدا دەربڕینی (واتای وردوجوان) بوونی نییە، بەڵکو ئێمە بەڕێگای پێوەندی نێوان هەردوو وێنەکەوە پێیدەگەین.

غەزەل (شیعر)+ ؟= بەحر+ دوڕوگەوهەر

واتا: چیە ئەو شتەی کە لە شیعردایە وەکو دوڕوگەوهەرە لە بەحردا. کە ئەویش واتای وردەو ئەوەی لەشیعر ورد دەبێتەوەو بەدوای واتا شاراوەکانیدا دەگەڕێت وەکو ئەو مەلەوانە شارەزایەیە کە لەدەریادا بەدوای دوڕوگەوهەردا دەگەڕێ، لەدێڕەکەدا واتای وردو جوان نەهاتووە بەڵکو دوڕوگەوهەری لەشوێنی هاتووەو چوونەتە ڕەگەزی یەکەوە، لەبەر ئەمە دەربڕینەکە (شفاف) نابێت.

(بەحری غەزەلم پڕ لە دوڕو گەوهەر) غەزەل (شیعر) هیچ کاتێ دوڕو گەوهەری تێدا بەدیناکرێ واتا نادیاریو شڵەژانەکە لێرەدا زیاتر بەدیدەکرێت لەوەی کە لە دێڕەکەی پێشوودا هەیە مەبەستمان نموونەی یەکەمە، چونکە لە دێڕەکەدا دەربڕینی (واتای ورد) بەدیناکرێت بۆئەوەی بەرامبەر دوڕو گەوهەر بوەستێتەوە، بەڵکو چوونەتە ڕەگەزی یەکەوەو، دوڕو گەوهەر شوێنی ئەویشی گرتوونەتەوە. لێرەدا دەربڕینی (بەحری غەزەلم) ڕێپیشاندەرە بۆ گەیشتن بەمەبەست، (بەحری غەزەلم) واتا شیعرەکانم لە دەریا دەچن، دەریا دوڕو گەوهەری هەیە کە واتا شیعرەکانی شاعیریش واتای وردیان هەیە، لەم دێڕەدا شێواز ئەو پەیامەیە کە لە پێوەندی نێوان رەگەزەکانی زماندا درووستبووە نەك لە ئاستی رستەیەکدا بەڵکو لە تێکڕایی دەقەکەدا، کاریگەریی ئەم دێڕە شیعرەش لە دڵو دەروونی گوێگردا بە ڕادەی ئەو وزەیەوە دەپێورێ کە دەربڕینەکە هەڵیگرتووە.

حوجرەکە ئاوس بوو وەعدەی خۆی بەهارێ بوو بزێ

وەضعی حەملی کەوتە پاییز نابەکام ناتەواو ل٣٦٣

لەم دێڕەدا نالی لە وەسفی حوجرەکەیدا کە لە گڵ درووستکراوەو لە ئەنجامی باران بارینێکی زۆر، خەریکە دەتەپێ، شاعیر ئەم دۆخەی کە حوجرەکەی پێدا تێدەپەڕێ بە ئاژەڵێکی ئاوسی چواندووە کە (بەردەخات) واتا پێش کاتی ئاسای خۆیو بە ناکامی دەزێ. نالی ئەم وێنەیەی بە شێوازی خواستنی شاراوە درووستکردووە.

مامۆستای پایەبەرزی کورد بەهەشتی مەلا عبدالکریمی مدرس* وشەکانی (ئاووس بوون، زان، وەضعی حەمل، نابەکام) بە خواستنی ئاشکرای لەقەڵەمداوە، بەڵام لەبەرئەوەی ئەم خواستنی ئاشکرایانە لە فرماندا ڕوویانداوە دەبێ پێیان بووترێت (خواستنی ئاشکرای پاشکۆیی) (الاستعارة التصريحية التبعية) چونکە سەربەخۆ نینو پاشکۆی خواستنی شاراوەن کە (حوجرە)یە، واتای ئاژەڵ خوازراوە بۆ حوجرەکە، وشەی ئاژەڵ لە ڕستەکەدا نەهاتووە، بەڵکو بە ڕێگای پێوەستێکیەوە هێناومانە کە (ئاووسبوون)ە.

حوجرە ◄—— دەتەپێو پێش وەخت دەڕووخێ = ئاژەڵ ئاووس دەبێ و پێش وەخت بەردەخات.

لە باسکردنی ئەم جۆرە خواستنەدا کە مەبەستمان (ئاشکرای پاشکۆیی)یە نابێ باسی خواستنی شاراوە نەکەین، چونکە خواستنی ئاشکرایی پاشکۆیی پاشکۆی خواستنە سەرەکییەکەیە کە خواستنی شاراوەیە کە لەم شیعرەدا (حوجرەکە)یەو واتا ئاژەڵی بۆ خوازراوە، بەڵام وشەی ئاژەڵ لە شیعرەکەدا نەهاتووەو بە ڕێگای پێوەستێکیەوە پێیدەگەین کە ئەویش ئاووسبوونە. نالی ئەم هونەرەی خستووەتەکار بۆ درووستکردنی شێوازو بارکردنی دەربڕینەکەی بە وزەیەکی بێ هاوتا چونکە شاعیر ئاگاداری ئەوەیە کە ئەم هونەرە وزەکەی لەوەدایە کە گیان دەخاتە بەر بێگیانەکانو واتاییەکان بەرجەستە دەکات. ڕووداوی تەپینی ژوورێکی لە گڵ درووستکراو بەم شاکارە هونەرییە بخرێتە پێشچاو دەبێ ئەو وزە بارکراوە چەندە کاریگەریی لە دڵی گوێگردا درووستبکات، ئێمە لێرەدا ئەگەر بەراوردێك لەنێوان ئەم شاکارەو دەربڕینەکە کە پێش ئەوەی ئەم شێوازەی بەبەردا کرابێ بکەین واتا لە بەراوردی نێوان (حوجرەکە تەپی) و ئەم شاکارەی سەرەوە بکەین دەگەینە ئەوەی بڵێین شێواز وزەیەکی ئەفسوناوییەو مەبەستی دەربڕینەکە بۆ چێژبەخشینەو دایدەبڕێت لەو مەرجەعییەتە سەرەکییەی کە (تەپینی ژوورێکە).

گوێگر بە بیستنی ئەم وێنەیە بیری وندەکات لە قووڵی خەیاڵی وێنەکەو جوانیی داڕشتنی، ئەو چێژەی لێی وەریدەگرێت، لەبەرئەمە دەربڕینەکە لە (مەرجەع) دابڕاوەو زیاتر مەبەستی چێژبەخشینە بەپێی ڕای (هالمساليف) وێنەکە بەمشێوەیە دەبێت:

دال مدلوول

ژوورەکە تەپی لە ئەنجامی بارانێکی زۆر = واتای تەپینی ژوورەکە ڕادەگەیەنێ

دال

* بڕوانە دیوانی نالی، پەراوێزی لاپەڕە ٣٨٤.

حوجرەکە ئاووس بوو وەعدەی خۆی بەهارێ بوو بزێ          مدلوول
وەضعی حەملی کەوتە پاییز نابەکام و ناتەواو    =    چێژبەخشینەو مەبەستی واتاگەیاندن نییە

گوڵبنی قەددت لە قوببەی سینە غونچەی کردووە
غونچە بەم شیرینیە قەط نەی شەکەر نەیکردووە    ل٥٤٤

شاعیر ئەم وێنەیەی بە چواندنی نوواندن بەرجەستە کردووە، بەڵام چواندنێکی تێکەڵ بەیەکەو هەردوو وێنەکە بەجیا نەهاتوون بەڵکو بە چواندنی ڕەوان لەیەکدراون.

قەدی یار ⟵ ؟ = درەختی گوڵ ⟵ غونچەی کردووە

لە هاوکێشەکەدا ئەوەی نەهاتووە (مەمکی یارە)و نالی دەیەوێ بڵێ (یار تازە مەمکی کردووە)، بەڵام بەو دەربڕینە ئاساییە دەرینەبڕیوە کە ڕادەی شێوازی ئەدەبی تێدا (سفر) بێت بەڵکو بە وزەیەکی وا باریکردووە کە کاریگەریی لە دڵو دەروونی گوێگردا جێبهێڵێ.

دال                    مدلوول
یار مەمکی کردووە ⟵ گەیاندنی واتای ئەوەی کە یار مەمکی کردووە.
دال                    مدلوول
گوڵبنی قەددت لە قوببەی سینە غونچەی کردووە ⟵ چێژبەخشینە
غونچە بەم شیرینیە قەط نەی شەکەر نەیکردووە

نالی دەڵێ:    چونکە نەتکرد قوڕ بەسەریا تاوەکو تەسکین ببێ
مەیدەرە بەر پێ لەقە توخوا بلاّبگری بەتاو

واتای ئەم دێرە شیعرە ڕەنگە لای زۆر لە نەوەی نوێ واتاکەی نامۆبێت، چونکە کەرەسەکانی تێگەیشتنی لەبیری خوێنەردا ئامادە نییە، کە تایبەتییەکانی خانووی گڵە کە ئەگەر ساڵانە سەری بە قوڕ سواق نەدرێت دەتەپێ. مرۆڤ لەشینی لە دەستدانی کەسێکیدا قوڕ بەسەردا دەکات بۆ ئەوەی هەندێ ئارام ببێتەوە، نالی ئەم وێنەیەی بەکارهێناوە بۆ بەرجەستەکردنی حاڵەتێکی تر ئەویش خانووە ئەگەر دوو سواقە نەکراو دڵۆپەی کرد، دەچنە سەر خانووەکە بەپێ لەقە بۆئەوەی قوڕەکە پتەوبێتو زیاتر یەکبگرێتو ئەگەر ئەمە نەکرا زیاتر دڵۆپە دەکات، شاعیر گریانی بۆ ئەم دڵۆپەکردنە خواستووە.

شاعیر لێرەدا دەربڕینی ناباوی بەکارهێناوە کاتێ دەڵێ: (سەربانی خانوو بە قوڕ تەسکینی دێت). هەروەها (بەتاو گریانی) واتا شاعیر لێرەدا شڵەژانێکی هێناوەتە زمانی شیعرەکەو دوایش ئەم شڵەژانەش وێنەی شیعرەکەی خوڵقاندووە هەروەکو (مونتیانای) ئەوە ڕادەگەیەنێ کە شێواز (بەکارهێنانی زمانە بەشێوەیەکی ناباوو شڵەژانێك بخرێتە ناو زمانەکەوەو دوایی ئەم شڵەژانەش خۆی سیستمێکی نوێ بخوڵقێنێ)[٣٢].

کەسێك ئازیزێکی مردبێ ⟵ قوڕ بەسەردا دەکا ⟵ دەگری
خانووی گڵ ⟵ قوڕ بەسەریدا نەکرێ ساڵانە ⟵ دڵۆپە دەکات

ئەگەر ئەم دێڕە شیعرە لەشێوازی ئەدەبی ڕابماڵێن‌و بیخەینە ئەو دۆخەوە کە پێیدەوترێت (دەربڕینی پێش شێوان) دەڵێین (سەربانی ژوورەکە دڵۆپە دەکات چونکە دوو سواقە نەکراوە) کە شێوازی ئەدەبی دەربڕینەکە دەگەڕێتەوە بۆ (سفر)، چونکە وشەکان واتای فەرهەنگی خۆیان گەیاندووە‌و ئەو وزەیەی کە پێی بارکرابوو لابراوە، بەڵام لەدێڕە شیعرەکەدا ئەو وزەیەی لێبارکراوە‌و ڕادەی شێوازە ئەدەبییەکەی پێ بەرزکراوەتەوە‌و توانای داهێنانی شاعیر ڕۆڵی سەرەکی دەبینێ لەبەرزراگرتنی ئاستی شێوازدا. لەبەرئەمە لەباسکردنی ئاستی داهێنانی شاعیراندا بەردەوام چەند شاعیرێکمان لەبیرناچێت وەکو نالی‌و مەولەوی‌و گۆران...

گۆران دەڵێ:

بەڵێ دیارە لەناو قەومی بەسیتا قەدری سنعەتکار
وەکو عەکسی قەمەر وایە لەناو حەوزێکی لیخندا ل١١١

گۆرانی شاعیر وێنەی ئەم دێڕە شیعرەی بە لاسایی شیعری کلاسیکی کوردی وێنەکەی چنیوە‌و تێیدا چواندنی نواندنی بەکارهێناوە. شاعیر دەیەوێ بڵێ (مرۆڤی هونەرمەندو بەهرەدار لە کۆمەڵی ناهۆشمەندا بێ قەدرە‌و ئەو ڕێزەی لێناگیرێ کە شایەنێتی)، بەڵام شاعیر بەو دەربڕینە سانایە دەرینەبڕیوە، چونکە تەنیا نەیویستووە زانیاریی بگەیەنێ، بەڵکو ویستوویەتی چێژ بگەیەنێ بە گوێگر. بەکارهێنانی هونەری چواندنی نواندن بۆ بەراوردکردنی پایەی مرۆڤی هونەرمەند لە کۆمەڵێکی دواکەوتوودا بەشێوەی وێنەی مانگ لە حەوزێکی لیخندا دیارە ئەو لێڵییە جوانیی شێوەی مانگ دەشێوێنێ. بەم شێوەیەش پایەی مرۆڤی بەهرەدار لە کۆمەڵێکی دواکەوتوودا بەراوردکردنی ئەم دوو وێنە لێکچووە وزەیەکی زۆری بە دەربڕینەکە بەخشیوە بۆئەوەی کاریگەر بێت کە پێشتر دەربڕینە ئاساییەکە نەیبووە.

| دەربڕینی ئاسایی | دەربڕین بە شێوازی ئەدەبی |
|---|---|
| قەدری مرۆڤی بەهرەدار لە کۆمەڵی دواکەوتوودا نیە | بەراوردکردنی هەردوو وێنەکە کە لە شیعرەکەدا هاتووە. |

لە دەربڕینە ئاساییەکەدا ڕادەی شێوازی ئەدەبی (سفر)ە چونکە هیچ کاریگەرییەك لە دڵی گوێگردا جێناهێڵێ. واتا لێرەدا شێوازێکی زانستی لە بابەتێکی ئەدەبیدا بەکارهێنراوە چونکە ئەو وشانەی لە دەربڕینەکەدا بەکارهێنراون بۆ واتای فەرهەنگی خۆیان بەکارهێنراون.

کە دەوترێ شێوازی ئەدەبی واتای تێدا نادیار (ثخن) دەبێ بەڵام ئەم وێنەیەی گۆران لەبەرئەوەی چواندنی نواندنی تێدا بەکارهێنراوە ئەو نادیارییە (ثخن) تاڕادەیەك کاڵە، چونکە ئەم هونەرەی لێرەدا بەکارهاتووە (چواندنی نواندن)ە‌و هیچ لادانێکی زمانی تێدا بەدیناکرێت و وشەکان بۆ واتای خۆیان بەکارهاتوون و وزە بارکراوەکە لە بەراوردی هەردوو وێنەکەدا دروستبووە. لەم جۆرە چواندنەدا لێکچوون لە پێوەندی نێوان شتەکاندا ڕەچاودەکرێت نەك شێوەی شتەکان، ڕێزنەگرتنی

مرۆڤی بەهرەدار لە کۆمەڵی دواکەوتوودا وەك شێواندنی وێنەی مانگە لە حەوزی لێڵدا، کە دیارە ئەگەر مرۆڤی بەهرەدار لە مانگ بچێت ئەم بە هونەرەکەی و ئەو بە درەوشانەوە لێکچوونێکی ژیرییە و چواندنی کۆمەڵی ناهوشیار بە حەوزی لێڵ دیسان چواندنێکی ژیرییە بەڵام دەبێ ئەوە بزانین کە لە چواندنی نواندندا مەبەست لەوە نییە کە تاك بە تاك بچوێنرێت وەك چواندنی مرۆڤی بەهرەدار بە مانگ بەڵکو پارچەکانی دەربڕینەکە پێکەوە ئەچوێنرێت بە ئەویتر.

مرۆڤی بەهرەدار لە کۆمەڵی دواکەوتوودا = وێنەی مانگ لە حەوزی لێڵدا

گۆران دەڵێ:

تاکوو لەپڕا کەوتمە ناو دۆزەخی غوربەت

کەم کەم سپی بوو یادت لەسەر لەوحی خەیاڵم ل٦٢

گۆرانی شاعیر لەم دێڕەدا غوربەتی بە دۆزەخ چواندووە لە نیوەدێڕی دووەمدا بە ڕێگای چواندنی نوواندن وێنەکەی چنیوە کە بەمشێوەیەیە.

نەمان و لەبیرچوونەوەی شتێك لە خەیاڵدا چوێنراوە بە سپیبوون‌و سڕینەوەی نووسینێك لەسەر لەوحێك بەڵام لە وێنەکەدا (نەمان‌و لەبیرچوونەوە) بوونی نییە بەڵکو شاعیر سپیبوونی بۆ خواستووە.

لەبیرچوونەوەی شتێك لە خەیاڵدا = سڕینی نووسینێك لەسەر لەوحێك

ئەم دێڕە شیعرە کە دیارە شیعر خۆی دەربڕینێکە بە وزە بارکراوە، واتا شێوازی بەبەرداکراوە، ئەگەر ئەو وزەو شێوازە لە شیعرەکە ڕابماڵین دەربڕینەکە دەگەڕێتەوە بارە ئاساییەکەی کە ئەمەیە (غەریبی یادی تۆی لەبیرم بردووەتەوە) کە ئەمەش پێیدەوترێت دەربڕینێ شێوازی بەبەردا نەکرابێ (التعبير الغير متأسلب).

گۆران دەڵێ:

جەو لێی ئەتکێ شادمانی

بۆنخۆشی، مۆسیقا، جوانیی ل٧٠

هەموو کەسێك لە ژیانی ڕۆژانەی خۆیدا وشەکانی (جەو، ئەتکێ، شادمانی) بەکارهێناوە بەشێوەیەکی ئاسایی و باو، بەڵام گۆرانی شاعیر شێوازێکی لەم وشانە داڕشتووە کە بەهیچ شێوەیەك باو نەبووەو کەس گوێی لێنەبووە، شادمانی وەکو دڵۆپە ئاو بتکێ، شاعیر لێرەدا شڵەژانێکی خستووەتە لۆجیکەوە چونکە شادمانی ژیرییە و مرۆڤ بە عەقڵ درکیپێدەکات بەڵام توانای ئەفسوونی شاعیر ئەم دیاردە عەقڵییەی لە شێوەی دیاردەیەکی هەستیدا بەرجەستەکردووە کە لێرەدا دڵۆپاندن بەچاو دبینرێ و دەنگیشی دەبیسترێ. ئەمە توانای شێوازە کە شاعیر پەنای بۆ بردووە بۆ ئەوەی دیاردەیەکی عەقڵی بەرجەستە بکات و بیخاتە بەرچاو گۆرانی شاعیر. لە چنینی ئەم وێنەیەدا گۆڕینەوەی ئەرکی هەستەکان‌و بەرجەستەکردنی (التجسیم) بەکارهێناوە کە ئەمەش لە ئەدەبی هاوچەرخدا هاوشێوەی دەبینرێ بەڵام نالی پێش گۆران بە زیاتر لە سەدەیەك بەم شێوەیە یان نزیك لێی وێنەی چنیوە وەکو دەڵێ:

نەمبیستووە هەرگیز لە دەمت بێنی وەفایێ

هەرچەندە سەراپا گوڵی، ئەمما گوڵی هێرۆ ل٣٨٦

لێرەدا هەرچەندە دەکرێ بوترێت شاعیر وتوویێتی نەمبیستووە لەدەمت بهێنی وەفایێ، کە ئەمە دەربڕینێکی ئاساییەو دەشگونجێ بوترێت شاعیر دەیەوێت مەبەستێکی تر بگەیەنێ کە ئەویش بە ڕێگای (جێگۆڕکێی ئەرکی هەستەکان) (تراسل الحواس)ەوە وێنەکە بچنێ، کە ئەویش بیستنی وەفایە (نەمبیستووە لە دەمت بێنی (بۆنی) وەفایێ) و ئەوەی ئەم ڕایە زیاتر پشتڕاست دەکاتەوە نیوەدێڕی دووەمە کە دەڵێ (هەرچەندە سەراپا گوڵی ئەمما گوڵی هێرۆ)، چونکە گوڵی هێرۆ بۆنی نییە، دەشبێتیش شاعیر تەنیا مەبەستی بەراوردی پێوەندیی نێوان هەردوو وێنەکە بێت و بڵێت هەروەکو چۆن گوڵی هێرۆ جوانە بەڵام بۆنی نییە یاریش جوانە بەڵام وەفای نییە.

یار ⟵ بێ وەفایی

گوڵی هێرۆ ⟵ بێ بۆنیی

(گۆران)ی شاعیر ئاگاداری هەندێ لەو تەوژمە ئەدەبییانە بووە کە تەرزیان بەهەموولایەکدا بڵاوبووبووەوە، لەبەر ئەمە تا دەهات چرۆی نوێگەریی زیاتر لەبەرهەمەکانیدا گەشەی دەکردو ئەو شێوازەی کە شاعیر بە بەرگی ئەدەبی کوردیدا کرد وێنەی نەبووە هەروەکو چۆن نالیش زمان ملکەچی توانای بووەو چۆن ویستبێتی روخساری بەباڵای واتادا پۆشیوە. دەبێ ئەوەش لەبەرچاوبگرین کە نالی بۆ یەکەم جار شێوەزاری سلێمانی لەچنینی وێنەی شیعریدا بەکارهێناوە ئەمە خۆی لەخۆیدا بەکارهێنانی ناباوەو ئەوپەڕی داهێنانە، چونکە پێش ئەمان (نالی و سالم و کوردی) کەس ئەم شێوەزارەی لەشیعردا بەکارنەهێناوە.
گۆران دەڵێ:

عەشقی ئێوارەی سەر ڕێی کانی

بەرئەداتە چەم کڵپەی گۆرانی ل١٢٠

چاوەڕوانی و گۆرانی وتنی گەنجان لەسەر ڕێگای کانی، شتێکی ئاسایی و لەو سەردەمەدا باوبووە، بەڵام ئەمەی گۆران لەم دێڕەدا گەیاندوێتی ئەمانخاتە سەر ئەو ڕایەی بڵێین زمان توانایەکی ئەفسوونی هەیە بەڵام مرۆڤ توانای خستنەگەڕی ئەو زمانەی بەو شێوەیە نییە، گۆران لێرەدا توانای سنورداری مرۆڤی تێپەڕاندووە، توانای شاعیر ئەوەندە مەزنە ڕەنگە عەقڵی مرۆڤ باوەڕپێینەکات، لێرەدا ڕستەیەکی بەچەندین واتای نوێو سەرسووڕهێنەر هێناوەتەوە هەردەڵێی تەنیا ڕستەیەك نییە بەڵکو پانۆرامایەکی دیاردە سەرنجڕاکێشەکانی ئەم سرووشتەیە.
ئەم دەربڕینەی گۆران هەڵسوکەوت لەگەڵ دیاردەکاندا دەکات نەك کەسەکان ناوی عەشق دێنێ نەك عاشق، گڕی ئەو سۆزە بەرجەستە دەکات کە لەدەروونیدا کەفوکوڵ دەکات. لەنیوە دێڕی دووەمدا کە دەڵێ (بەرئەداتە چەم کڵپەی گۆرانی) ئەمە ئەوە دووپات دەکاتەوە کە وتراوە شاعیر سیستمی سرووشت هەڵدەوەشێنێتەوەو سەر لەنوێ دروستی دەکاتەوە، ئێمە دەزانین ئاو بەردەدرێتە چەم بەڵام شاعیر گڕکانی سۆزی بەتینی عەشقی بەرداوەتە چەم،

سۆز هێندە کەفوکوڵ بکات تا گڕی بەچەمدا تێپەڕ دەبێتو دوایش بڕژێتە چەم، ئەم جیهانە نوێیە تەنیا لەخەیاڵی شاعیری داهێنەردا دروست دەبێت، جیهانێك کە دڕەکان دەستلەملان دەبن، گڕ ئەرکی ڕووبار دەبینێ.. سەدای گۆرانی خۆش تێکەڵ بەئازاری گڕوکڵپە دەبێت، گەنجان گۆرانی بەسۆزیان چڕیوە، بەڵام ئەم گۆرانییەی کە گۆران خوڵقاندویێتی سۆزی گەیشتووەتە ڕادەیەك گڕی تێبەرداوەو کڵپەی وەکو ڕووبار چەم دەهەژێنێ. ئەم شیعرەی گۆران ئەگەر شێوازی لێ ڕابماڵرێت بەم شێوەیە دەبێت (گەنجان لەسەر ڕێگای کانی گۆرانی بەسۆز دەڵێنەوە).

کە ئەم دەربڕینە ڕامالڕاوە لەهەموو ڕەگەزێکی شێواز کە کاریگەربێتو ئەوەی گۆران بە بەری ئەم دەربڕینەیدا کردووە ڕەنگە دیاردەیەك بێت کەم جار لەخەیاڵە بەرزە فرەکانیشدا دووبارە ببێتەوە.

ڕەنگە ئێمە نەتوانین یان زۆر بەقورسی بەپێوەری بەلاغەی کۆن ئەم وێنەیەی گۆران بپێوین چونکە کۆمەڵێك هونەری تێدا تێکچڕژاون، لەدەربڕینی کڵپەی گۆرانیدا هونەری خواستنی شاراوەی بەکارهێناوە بەوەی گۆرانی چواندووە بەئاگرو لازمێکی ئاگرەکە هاتووە کە (کڵپە) یەو ئاگر لەوێنەکەدا بوونی نیە، دوایش گڕوکڵپەی چواندووە بەڕووبارێك بەڵام ڕووبار لەوێنەکەدا بوونی نیە بەڵکو پێوەستێکی دیارە کە بەردانە چەمە، کە دیسان ئەمیش خواستنی شاراوەیە، دەبێ ئەوەشمان لەیادنەچێت کە گۆرانی دەنگەو لێرەدا گڕی تێچووە. گۆران بەگۆڕینەوەی ئەرکی هەستەکان (تراسل الحواس) ی لەچنینی وێنەکەدا بەشدارکردووە. چونکە دەنگ بەگوێ دەبیسترێ بەڵام لێرەدا گڕی تێچووە واتا بەهەستی بینینو بەرکەوتن هەستی پێدەکرێت.. هەروەها خوازەی (ژیریی)یشی لەدروستکردنی وێنەکەدا پشتگوێ نەخستووە کاتێ دەڵێ (عەشقی ئێوارەی سەر ڕێگای کانی) کە ئەمە دانەپاڵی کارە بە کاتو شوێنی ڕوودانی کارەکە، چونکە عەشقی عاشقانو گەنجانە، بەڵام شاعیر عاشقانو گەنجانی لە وێنەکەدا لابردووەو فرمانەکەی داوەتە پاڵ کاتی ڕوودانی کارەکە کە (ئێوارە)یە، هەروەها شوێنی ڕوودانی کارەکە کە (سەر ڕێگای کانی)یە جگە لەوەی وێنەکەی کردووەتە جێژوانی هاودژەکان- خۆشی گۆرانیو ئازاری ئاگرو کڵپە... خوڕەی گڕکانی چەم لەجێی ڕووبار.

گۆران دەڵێ:

مانگی بەجێماو لەسەفەری شەو

زەردە لەترسی قاسپە قاسپی کەو

ئەگەر خەیاڵی بەرزەفڕی گۆران ئەم وێنەیەی نەخوڵقاندایە ڕەنگە هەتا هەتایە.. خەیاڵی شاعیرانی سەر ڕووی زەوی پەی بەم وێنەیەی نەبردایە.. هەرچۆن ئەم دێڕە شیبکرێتەوە جۆرە سیحرێك لەبەکارهێنانی زمان لای گۆران دەبینین..

کات ئەگەر بەرەو شەفەق بڕوات واتا سەفەر دەکاتو لە نەماندایە، بەڵام سەفەر بۆ کوێ؟ بەسەرچوونی شەو بەسەفەر کردنی لێکبدرێتەوە، دەربڕینێکە خەیاڵی مرۆڤ لەسەردەمی گۆراندا پێیدەگاو لەخەیاڵدانی گۆراندا دەخولقێ، جگە لەوەش دەبوایە هیچی بەجێنەهێڵایە. کەچی چراکەی بەجێدەهێڵێ، ڕەنگە بەشێوەیەکی سادەتریش لێکبدرێتەوە کە مانگ دەبوایە ئاوابووایە بەڵام تائێستا ئاوانەبووەو سەفەری نەکردووەو قاسپە قاسپی کەوەکانیش زەردیانهەڵگەڕاندووە.

نالی دەڵێ:

ئەی ساکنی ڕیاضی مەدینەی مونەووەرە

لوتفێ بکە، بفەرموو مەدینەی منە وەرە ل٤١٥

نالی لەم دێڕەدا وەکو زۆر لە دێڕە شیعرییەکانی تری دیوانەکەیدا ئارایشتکارییە واژەییەکان (المحسنات اللفظية) ی بەکارهێناوەو ئەم هونەرانە زیاتر بۆ جوانکردنی ڕووخساری شیعر بەکاردەهێنرێن، کە لێرەدا ڕەگەزدۆزی تەواوی لێکدراوی بەکارهێناوە (مەدینەی مونەووەرە)و (مەدینەی منە وەرە) کە دەبوو ماموستا عبدالکریمی مدرس لە نووسینی مونەووەرەی یەکەمدا، (منە وەرە)ی بنووسیایە چونکە مەبەستی نالی ئەوە بووە ڕەگەزدۆزی تەواو دروست بکات نەك ناتەواو.

نالی شاعیر هەموو سووچو قوژبنی زمانی کوردی تەیکردووەو زۆر لەو وشانەی کۆکردووەتەوە کە ڕەگەزدۆزییان لێدروست دەکرێت، ڕەنگە کەم لەو وشانە مابن کە نالی بەکاری نەهێناوونو ئەوەی نالی لە زۆر لەشاعیرانی کوردو جیهان جیادەکاتەوە ئەوەیە کە نەك لەشیعردا (حشو)ی بەکارنەهێناوە بەڵکو وشەی بەزیاتر لەواتایەك بارکردووە، بۆ نموونە لەبەکارهێنانی (مەستوورو مەخموور ل٥٥٧) دا وشەی (مەخموور)ی بە دوو واتا بارکردووە، واتایەکیان داپۆشراوە کە لەگەڵ (مەستوور)دا هاو واتانو واتایەکی تریان مەبەستی سەرخۆشییە کە لەگەڵ چاودا دەگونجێو لەدێڕە شیعرەکەدا هاتوون، ئەم هونەرە پێیدەوترێت (الاستخدام) کە کەم لەشاعیرانی کوردو میللەتانی تر بەکاریان هێناوە هەروەها لەنیوە دێڕی دووەمی شیعرێکدا دەڵێ :

ئەوراقیان موقەددیمەی شینە یانە سوور ل١٩١ *

هەردوو ڕەنگی (شین)و (سوور)ی بە دووجاری دژبەیەك بەکارهێناوە، لە یەکەمیاندا پرس لەگەڵای باخچەی خانەقا دەکاو دەڵێ: شینن، واتا گەشو ئاودارن یان سوورن بەمانای وشکبوونە، لە دووەمیاندا دەشێ پرس لە فەقێکانی خانەقا بکاو دەڵێ: بێکەیفو (شین) لەبەرن یان سووریان لەبەردایەو لە خۆشیدان، واتا ڕەنگی (شین) جارێ بۆ ناخۆشیو جارێ بۆ خۆشی بەکارهێنراون، هەروەها ڕەنگی (سوور)یش، دڵنیاین لەوەی دەیان واتای ورد

* ماموستا مەلا عبدالکریم لەپەراوێزی لاپەرە ١٩١ی دیوانەکەدا بەوردی ڕوونیکردووەتەوە.

لەنێوان وشەو دێڕە شیعرەکانی نالیدا خۆیان حەشارداوەو تا ئێستا بەکەس نەدۆزراونەتەوەو تۆڕێکی پێوەندی نهێنی وشەکانی شیعرەکە پێکەوە دەبەستێتەوە کە ڕەنگە تا ئێستا هەندێکی لێدۆزرابێتەوەو زۆریشی چاوەڕێی بیری وردی نووسەرانی کورد دەکەن بۆ ئەوەی بخرێنە پێش چاوی خوێنەری کورد.

پەراوێزەکان:


١. بيير جيرۆ، الاسلوب والاسلوبية، ل١٣
٢. سەرچاوەی پێشوو ل14
٣. د. عبدالسلام المسدی، الاسلوبية والاسلوب، ل٤٦
٤. سەرچاوەی پێشوو ل70
٥. بيير جيرۆ، الاسلوب والاسلوبية ل٦
٦. د. عبدالسلام المسدی، الاسلوبية والاسلوب، ل115-116
٧. د. حمە نووری عومەر کاکی، شێواز لە شیعری کلاسیکی کوردیدا ل١٤
٨. گراهام هاف، الاسلوب والاسلوبية ت .کاظم سعدالدين ل١٩
٩. سەرچاوەی پێشوو
١٠. د. عبدالسلام المسدی، الاسلوبية والاسلوب ل٢٠
١١. سەرچاوەی پێشوو ل٢٤
١٢. سەرچاوەی پێشوو ل٢٩
١٣. د. سعد مصلوح ، الاسلوب (دراسة لغوية أحصائية)ل٢٣
١٤. بيير جيرۆ، الاسلوب والاسلوبية ل٢٦
١٥. د. عبدالسلام المسدی، الاسلوبية والاسلوب، ل٦٧
١٦. سەرچاوەی پێشوو لاپەرەی پیشوو
١٧. سەرچاوەی پێشوو ل٨٢
١٨. سەرچاوەی پێشوو٨٣
١٩. ژیان .ژمارە.٤٠ سالی١٩٢٦
٢٠. سەرچاوەی پێشوو
٢١. سەرچاوەی پێشوو
٢٢. گراهام هاف، الاسلوب و الاسلوبية ل٢١
٢٣. سەرچاوەی پێشوو ل٢٢
٢٤. د. عبدالسلام المسدی الاسلوبية والاسلوب، ل٢٨
٢٥. د. منذر عياشی ، الاسلوبية و تحليل الخطاب ل ٣٠-٣١
٢٦. بيير جيرۆ، الاسلوب والاسلوبية ل٦٣

٢٧. د. عبدالسلام المسدي الاسلوبية والاسلوب، ل١١٦
٢٨. سەرچاوەی پێشوو ل١٠١
٢٩. جانكوهين بنية اللغة الشعرية ل١٢٢-١٢٤
٣٠. د. عبدالسلام المسدي. الاسلوبية والاسلوب ل٩٤
٣١. سەرچاوەی پێشوو ل٨٤
٣٢. سەرچاوەی پێشوو ل١٠١

## ئەنجام

لەم باسەدا گەیشتووین بەم ئەنجامانەی خوارەوە:

١- هەردوو شاعیری گەورەی کورد نالی و گۆران کە هەریەکەیان پێشەنگی قۆناغێکی ئەدەبی کوردییە، توانیویانە بەشێوەیەکی داهێنانە شیعرەکانیان بە وزەی کاریگەرو سەرنجڕاکێش باربکەن، شیعری کوردی بگەیەننە لووتکە لەبارەی شێوازەوە.

٢- هەردوو شاعیر لەکەرەسەی گەیاندنی ئەو وزەی دەربڕینەدا جیاوازن، نالی بەزمانێکی بەرزو ئالۆزو بەکارهێنانێکی داهێنانەی هونەرەکانی ڕەوانبێژیی،ئەو وزە فراوانەی گەیاندووە، لەکاتێکدا گۆران بە زمانێکی سادەو بەپێزو بە بەکارهێنانی هەندێ هونەری ڕەوانبێژیی کاریگەرو بەکارهێنانی دەربڕینی ناباوو خوڵقاندنی چێژو جوانیی بێ هاوتاو بەکەرەسەی زمانی سادەی ڕۆژانە.

٣- لەبەرئەوەی نالی لەسەردەمی تەنیا ڕێبازێکی ئەدەبیدا ژیاوە کە ئەویش ڕێبازی کلاسیکییە دەبینین شێوازی داهێنانی شیعریی بەخەسڵەتەکانی تەنیا ئەم ڕێبازە زاخاوداوەو پشتی بەداهێنانەکانی خۆی بەستووە، بەڵام شێوازی داهێنانی شیعریی گۆران بەهەرسێ ڕێبازەکەدا تێپەڕیوەو بەپێی سرووشتی ئەو ڕێبازانە هەندێ بەرزونزمی بەخۆوە بینیوە چونکە ئاساییە لەڕێبازی ڕیالیزمداو لەپێناوی گەیاندنی پەیامێکدا وزەی دەربڕینی بارکراو کەم ببێتەوە.

٤- داهێنانی نالی لە بەکارهێنانی خەیاڵی وردو رازاندنەوەی روخساری شیعرەکانی بە زۆربەی هونەرە ئارایشتە واتاییو واژەییەکان سەرچاوەی گرتووە، بەڵام داهێنانی گۆرانی شاعیر لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە زۆر لە واتای جوانو سەرنجڕاکێش دەئاخنێتە دەربڕینێکی کەمو سادەوە کە ئەمەش توانایەکی مەزنی دەوێ.

## سەرچاوەکان


- بيير جيرۆ، الاسلوب والاسلوبية، ت. د.منذر عياشي ، مركز الانماء القومى، بيروت لبنان ،بدن سنة طبع
- جان كوهين . بنية اللغة الشعرية . ت محمدالولي ،محمد العمري، بدون مكان و تأريخ الطبع
- د. حمە نوری عومەر کاکی، شێواز لەشیعری کلاسیکی کوردیدا، مەڵبەندی کوردۆلۆجی، سلێمانی، ٢٠٠٨.

- گراهام هاف، الاسلوب والاسلوبية، ت. كاظم سعدالدين،دار افاق عربية1985
- سعد مصلوح د. الاسلوب ، دراسة لغوية احصائية ، دار الفكر العربي ط٢ ١٩٨٤
- د. عبدالسلام المسدى ، الاسلوبية والاسلوب ط٤ دار سعاد الصباح ,الكويت ١٩٩٣
- د.منذر عياشي. الاسلوب وتحليل الخطاب ، مركز الانماء الحضاري ط١، ٢٠٠٢.
- ديوانى گۆران، عبدالله گۆران چ، يەكەم، بڵاوكراوەى پانێژ. كتێبخانەى داڵەهۆ ١٣٨٤ ك.
- ديوانى نالى، مەلا عبدالكريمى مدرس و فاتح عبدالكريم ، بەغدا ١٩٧٦.
- ژيان ژمارە ٤٠ سالى ١٩٢٦


– ژمارەى لاپەڕەى نموونە شيعرييەكانى هەردوو ديوانەكە لەسەر دێڕە شيعرەكان نووسراونەتەوە.


## ملخص البحث

(الاسلوب في الشعر الكردي متمثلا بشعر نالى و كوران)

هذا البحث الموسوم، دراسة تحليلية في بعض ما انتجته مخيلة الشاعرين الفطحلين (نالي و گۆران) من صور شعرية وذلك بغية الوصول الى تلك العناصر الكامنه في شعرهما والتي بها بلغت الطاقة التعبيرية في اشعارهما ذلك الحد المذهل.

نرجوا ان نكون قد قمنا ببعض ما علينا من واجب في سبيل الكشف عن ما هو كامنٌ في هذا الموضوع المعتم في الأدب الكردى.



## Abstract

This is an analytical study of some poems by Nali and Goran. It aims at showing those poetic elements that make these poems convey a high level of meaning. As a result, these styles have reached Kurdish poems to that high level. In order to conduct that analytical study, this paper is structured in two chapters.

In chapter one, the concept of the style is defined, and different writers' opinions about that concept are given and discussed.

In chapter two, those images that are used by the poets are explained in a practical way in order to explore those poetic elements on which these expressions and connotations were built. Then, the conclusions that can be drawn from this study are presented.

Finally the resources which are used in the preparation of this paper are listed.

This followed a summary of the study in Arabic and English.